# منالاّن بێبەشترین توێژ و کەنارخراوترین بەشی کۆمەڵگان

**عبدالله مەحمود**
**abdulla.mahmud@gmail.com**

6/1 هەموو ساڵێك، ساڵیادی جەژنی جیهانی منالاّنە. و بەوبۆنەیەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەو وولاّتانەی کە بە لوتفی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازو ڕادیکاڵەکانەوە مافەکانی منالاّنیان بەڕەسمی ناسیووە، لەو ڕۆژەدا یان بەماوەیەك بەر لەو ڕۆژە دەکەونە چالاکی جۆراوجۆر، و مەراسیم و فیستیفالێ سازئەدەن، منالاّن و تازەلاوان جلی ئالاّو والاّ لەبەردەکەن و ئاهەنگی جەژنی خۆیان دەگێرن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ولاّتە پێشکەوتوەکان چاوئەخشێنەوە بە جێگاو ڕێگای منالاّن و تازەلاواندا لە کۆمەڵگاو خیزان و قوتابخانەدا، ئاماری پێشیلکاریەکان بەرامبەر بەمنالاّن بلاّودەکەنەوەو نیشانی کۆمەڵگاو دەسەلاّتی ئەدەن و توێژینەوەی هەمەلایەن و بەرفروان لە پەیوەند بەمافەکانی منالاّن و تازەلاوانەوە وەڕێدەخەن و هەموو هەوڵەکانیان لە پێناو پاراستنی دەسکەوتەکانی بزوتنەوەی ئینسانی منالاّن و پەرەدان پێی دەخەنە گەر.

بەداخەوە لەکاتێکدا کە لەکۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا ئاوا مەسەلەی منالاّن و تازەلاوان وەکو مەسەلەیەکی جدی کۆمەڵگا و گەورەکان تەماشا دەکرێت، کەچی لە ولاّتانی دواکەوتوی گیرۆدە بە بێمافی و خالّی لە مافە فەردی ومەدەنییەکان، منالاّن بێبەشترین توێژ و کەنارخراوترین بەشی کۆمەڵگان.

کۆمەڵگای کوردستانیش وەکو یەکێك لەو کۆمەڵگا دواکەوتوانەی دنیای سێ و خۆرهەلاّتی، منالاّن و تازەلاوان تیایدا بێمافترین و بێبەشترین توێژی کۆمەڵگان، نەك هەر ئاشنا نین بە ڕۆژی خۆیان و جەژنی خۆیان، نەك هەر ئاوڕ لەخواست و مافەکانیان نادرێتەوە، نەك هەر گوێ لە هیواو ئارەزوەکانیان و خەونەکانیان ناگیرێت، نەك هەر بێبەشن لەنازی منالّی خۆیان و بەهرەمەندنین لەژیانێکی بەختەوەرو ئاسوودەو داهێنەرانە، نەك هەر بیبەشن لە ئیمکاناتی گەشەی ماددیو مەعنەوی، نەك هەر بێبەشن لە خزمەتگوزاری پزیشکیوپەروەردەیی و کەلتووری، نەك هەر بێبەشن لە دایەنگەو باخچەی ساوایانی مۆدیرن و تەندروست، ونەك هەر بێبەشن لەمافە مەدەنیو کۆمەلاّیەتیيەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، ڕابواردنو بەشداریکردن لە چالاکیيە کۆمەلاّیەتیيەکانیتایبەت بەمنالاّن، بەڵکە ئازاردانی منالاّن و لەوەش واوەتر سزادانی جەستەیی وگوشارو ئازاری دەروونیو ترساندنی منالاّن چ لە خیزان و قوتابخانەو چ لەکۆمەڵگادا بەگشتی کراوەتە نۆرمێکی قێزەون و شەرماوەر. کاری پیشەیی منالاّنو تازەلاوانی ژێر تەمەنی 16 سالّی و گەدایی لەبەردەم ترافیك لایتەکان و سەرشەقام و چیشتخانەکان، لەدیاردە هەرە قێزەونەکانی کۆمەڵگان.

منالاّن کە خۆیان توانای بەرگریکردن لەخۆیانیان نییە، لەجیاتی ئەوەی دەسەلاّت و گەورەکانی کۆمەڵگا، ئاوڕ لە میحنەتەکانی ژیان وگوزەرانیان و بێبەشی و بێمافیەکانی منالاّن و تازەلاوان بدەنەوە، لەجیاتی ئەوەی بیر لەدابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و پەروەردەیی و کەلتوری مۆدیرن و کردنەوەی باخچەی ساوایان و فەراهەم کردنی هەلومەرجێکی تەندروست بۆ فێربوون و ڕابواردن و بەشداریپێکردنیان لە چالاکییە کۆمەلاّیەتیەکاندا بکەنەوە، لەجیاتی ئەوەی کۆمەڵگا بەرپرسیارێتی دابینکردنی خۆشگوزەرانیو بەختەوەریی بۆ هەموو منالاّن و تازەلاوان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی وەزعی خێزانیان، دابین بکات. و ستانداردێکیوەکویەك لە خۆشگوزەرانیو ئیمکاناتی گەشەی ماددیو مەعنەوی منالاّنو تازەلاوان، بەتایبەتیش سەرپەرشتی کردنی ئەو منالاّنەی کە خێزان یان ئیمکاناتی خێزانیيان بەهۆی جەولەکانی شەری ناوخۆو جەنگ و سیاسەتی دڕندانەی ڕژێمی بەعسی لەگۆڕنراو و جەنگی تایفییەوە لەدەستداوە، بخاتە ئەجندەی خۆیەوە. وبیر لە پەروەردەو فێرکردنێکی مۆدیرن بکاتەوە. لە خوێندن وپەروەردەوە، کۆتی بێمافی و بێبەشی کراوەتە گەردنی منالاّن و تازە لاوان. و هەر ئەم فێرکردن و پەروەردە نادروستەشە نەوەلەدوای نەوەی دەکاتە قوربانی قازانج پەرستی و چاوچنۆکی و دەسەلاّتی گەندەڵ و دامەزراو لەسەر بنەمای بێمافی و بێبەشی هەمەلایەنەی کۆمەڵگا. جەستەی ناسکی بەشی

**هەرزۆری منالآن و تازەلاوان ڕەوانەی بازاڕی بێڕەحمی کار دەکات و کاری گەورەکان بە منالآن دەکات لەبەرامبەر کرێی کەمدا بۆیان.**

**باسی خزمەتگوزاری پزیشکی و خۆڕایی، کردنەوەی دایەنگاو باخچەی ساوایان و دابینکردنی یاریەکانی سەرگەرمی و ..... جێگایەکیان نییە و خەزێنە لە بەرامبەریاندا خاڵی یە.**

**ئەو ڕێکخراو کۆروکۆمەڵانەش کە بۆ بەرگری و پاراستنی منالآن و مافەکانیان لەکوردستان پێکهاتوون، بەداخەوە گرنگیدانیان بە کێشەی منالآن و بێمافیەکانیان، زۆر کەمپەینی و ڕاگوزارو کاتیی و زۆرتر ئاکسیۆنییە، ئەوکاتانەی کێشەی سەربڕین و خنکاندن و لێدانی جەستەیی قورس ....ڕوودەدات، یان یادی جەژنی منالآن دێتە پێشەوە ئەمانیش دەکەونە خۆ، و تاماوەیەکی کەم چەند چالاکییەکی سنوردار و وەڕێدەخەن و پاشان ئەگەڕێنەوە ناو نوسینگەکانی خۆیان، لەکاتێکدا لەکوردستاندا کێشەی منالآن کێشەیەکی ڕاگوزەرو کاتی نییە، کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و یاسایی و پەروەردەیی و خیزانی یە، هەموو چرکەو سات و کاتێك منالآن و تازەلاوان لەبەردەم هەڕەشەوگوشاری دەرونی و تێکشکاندنی جەستەییدان. بۆ بینینی کێشەکانی منالآن هیچ پێویست بە ئامارو ئەرقام ناکات، چاوگێرانێك بە سەرجادەو کۆڵانەکانی شارو شارۆچکەکاندا، بەبەردەم ترافیك لایت و بەردەم چێشتخانەو ناو باڕو شوێنەکانی گەشت و گوزاردا، بەمەیدانی کاری جۆروجۆری و ناوبازاڕی بێرەحمی کاردا، تادەگات بە چاوخشاندنێك بە یاساو سیستەمی پەروەردەو فێرکردنیدا و مامەڵەی خیزان و قوتابخانەدا، بەگشتی مامەڵەی کۆمەڵگادا لەگەڵ منالآن بەسە، بۆئەوەی قارەمانێتی گەورەکان ویاسا و دەسەلآت و دین پەروەردەو فێرکردن لەبەرامبەر منالآندا ببینرێت.**

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەر حزب و لایەنێکی سیاسی و هەر کەسایەتیەکی تر ئەگەر بریاڕ بێت ئاستێك لە پێشکەوتخوازی و ئینسانیبوونی خۆیان پیشابدەن، یان ئەگەر بڕیار بێت پێوانەیەك هەبێت بۆ نیشاندانی ئاستی پێشکەوتخوازی و هەستی ئینسانی بالآ، ئەوا بەمامەڵەیان لەگەڵ منالآن و تازە لاواندا دەپێورێت. و مەحەکی سەرەکی ئەمەیە. ئەوەی کە ناتوانێت مامەڵەی تەندروست لەگەڵ کێشەی منالآنی کوردستان و مافەکانیاندا بکات و تێکۆشەری کۆتاییهێنان بە ستەمی هەمەلایەنەی دەرونی و جەسەدی و پەروەردەیی و فێرکردن و ژینگەیی بێت، ئەوە هەرچەندە بانگەشەکانی گەورە بن و ڕۆپۆشی ئینسانی و پێشکەوتنخوازی تارای بێت، ناتوانیت دیوی ناوەوەی و پەیامێك کەهەڵگریەتی بشارێتەوە.**

1-6-2007